مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە شاری هەولێر کۆبوونەوە

مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتیی: کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق و پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دروست دەکرێت

نێچیرڤان بارزانی بەشداری ڕێوڕەسمی کردنەوەی نووسینگەی کۆنسوڵگەریی ژاپۆن لە هەولێر دەکات

نێوارەی دوێنێ چوارشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە یاوەریی بەڕێز قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتار و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵگەریی ژاپۆن لە هەولێر کرد. لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێز کاتسومی مۆریاسۆ بەرپرسی نووسینگەی کونسوڵگەریی ژاپۆن لە هەولێر کرد و دەستخۆشیشی لە بڕیاری ژاپۆن بۆ کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵخانەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان کرد و پالپشتی و پشتگیریی حکوومەت و دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ کار و چالاکییەکانیان نیشان دا.

بەڕێزیان هیواشی خواست کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵخانەی ژاپۆن لە هەولێر ببێتە هۆکارێک بۆ زیاتر بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندییە دووقۆلییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ژاپۆن لە هەموو بوارەکاندا بەشێوەیەک لە بەرژەوەندیی هەردوو گەلی کورد و ژاپۆندا بێت.

لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وتەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەش کرد و تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کە کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵگەریی ژاپۆن لە هەولێر دەستپێکی قۆناغێکی تازەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ژاپۆنە و حکوومەتی هەرێم لەمبارەیەوە ئومێدەواری باشترین پەیوەندی لەگەڵ ژاپۆن ببەستێت، هەروەها کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵگەری ژاپۆنیش بەڵگەی متمانەی نێوەوڵەتی بە هەرێمی کوردستان قبوڵ کرد.

بەڕێزیان دەستخۆشیشی لە ژاپۆن کرد بۆ کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵگەریەکەیان لە هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بەوە دا کە هەرێمی کوردستان ڕێز و پێزانینی بۆ میتژوو و دەستکەوتەکانی ژاپۆن هەیە تا گەیشتۆتە ئەوە بیێتە یەکێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بۆیە هەرێمی کوردستان خوازیارە بەردەوام پەیوەندیی باشی لەگەڵ ژاپۆن هەبێت.

دەڵی وتاری فەلاح مستەفا:

زۆر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

زۆر بەڕێز قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

زۆر بەڕێز نوێنەری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

زۆر بەڕێز وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە کێنتارۆ سۆنۆزاوا

زۆر بەڕێز باڵیۆز فیمیۆ ئیواي

بەڕێز کات سوومی مۆڕی یاسۆ کونسوڵی گشتی و بەرپرسی نووسینگەی کونسوڵگەری ژاپۆن

وەزیرە بەڕێزەکان، ئەندامانی پەرلەمان

بەڕێزان عەمید و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان

نامادەبوانی خۆشەویست..

سەرەتا دەمەوێت جارێکی تر بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر سۆنۆزا و شاندی یاوەری بکەین بۆ کوردستان، هیوادارین کاتێکی خۆش و بەسوود بەسەر بەرن لە هەولێر.

خۆشحاڵ و شەرەفەندم کە ئەم شەو ئامادەم لەگەڵتان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵگەری ژاپۆن لە کوردستان.

ئەمڕۆ سەرەتایەکی نوێیە و هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی تازە لە پەیوەندیە دووقۆلییەکانمان. لێرەدا بڕیاری کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنین و دەستخۆشی لە حکومەتی ژاپۆن دەکەین. ئەمە هەنگاوێکی تری ئیجابی و دۆستانەی ڕاست بوو لە ڕێگەی باشترکردنی پەیوەندیە دووقۆلییەکانمان و بونیادنانی هاوبەشییەکی ستراتیژی دڕێژخایەن.

بەم بۆنەیەوە دەمەوێت سوپاسی باڵیۆز (ئیوای) بکەم بۆ هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە پێشکەشی کرد لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانمان. هەروەها، پیرۆزبایی لە بەڕێز (کاتسوومی مۆڕیاسو) بەبۆنەی دەستنیشانکردنی وەک یەکەمین بەرپرسی کونسوڵگەری لە هەرێمی کوردستان. ئێمە دڵنیای دەکەینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکات تا لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو بێت.

زۆر سوپاسی بەڕێز (ئازاد باجگر) دەکەم کە لەم ماوەی ڕابردوودا کونسوڵی گشتی فەخری ژاپۆن بووە و ڕۆڵی هەبوو لە باشترکردنی پەیوەندیەکانمان.

هەروەها سوپاسی کۆمەڵگەی دۆستایەتی ژاپۆن - کوردستان لەم بوارە.

دەڵی وتاری نامادەبوانی بەڕێز

لە ساڵی (٢٠٠٣) حکومەتی ژاپۆن لە ڕێگەی ڕێکخراوی جایکا و دەزگاکانی تر، بەشداریەکی گرنگیان کرد لە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و چەسپاندنی سەقامگیری و بونیادنانی دام و دەزگا و سەرچاوە مرۆییەکانی و پەرەپێدانی عێراق و کوردستان. دوای سەرهەڵدانی گروپی تیرۆرستی داعش لە عێراق، وڵاتی ژاپۆن یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکیان بینی لە کەمکردنەوەی نەهامەتیەکانی پەنابەرانی سووریا و ئاوارە نێوخۆییەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان.

ئەو قەرزە بەخشینانەی ژاپۆن بۆ عێراق، سوودیان هەبوو لە پەرەپێدانی کەرتەکانی کارەبا و ئاو لە هەرێمی کوردستاندا.

سەرەڕای ئەو ڕووبەڕوو بوونەوانەی کە دووچاری کوردستان بونەتەوە لە سێ ساڵی ڕابردوودا، هێزەکانی ئاسایشی پێشمەرگە توانیان کارێکی نایاب بکەن لە پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی هاووڵاتیان لە ناو هەرێمی کوردستان. گومان لەوەدانیە کە کردنەوەی ئەم نووسینگەیە لەم کاتە سەختەدا نیشانەی بڕوای کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە بە پایەندبوونمان بە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی هاوبەشی.

ئێستا توانیمان هەرەشەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکەینەوە. ئێستا شەڕ بەردەوامە لە دوایین شار کە کۆنترۆڵی دەکات. لەمیانەدا، ئێمە دووبارە جەخت دەکەینەوە سەر دۆخی ئابووریمان و دووبارە بیناکردنەوەی ژێرخانمان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاووڵاتیانمان.

ئێمە پێویستیمان بە هاوکاری دۆستانمان هەیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دووبارە بوژاندنەوەی کەرتی ئابووریمان و بونیاتنانەوەی ئەم ناوچانەی لە ژێر دەستی داعش ڕزگارمان کردن پێمان وایە کە ژاپۆن دەتوانێت هاوکاریمان بکات.

دەبێ ئەوەشمان لە یاد بێت کە بژاردەی سەربازی بە تەنها ناتوانێت ڕێکخراوی داعش لەناو ببات، بەڵکو بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشە کە بەیەکەوە کار بکەین بۆ چارەسەرکردنی هۆکارەکانی تونددڕەوی و لەناوبردنی ئەو ئایدۆلۆژیە تونددڕەوەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی تیرۆر لە هەموو جیهان.

جارێکی تر دەمەوێت سوپاسی حکومەتی ژاپۆن بکەم بۆ کردنەوەی نووسینگەی کونسوڵگەری لە هەولێر. من دڵنیام لەوەی کە ئەم نووسینگەیە هاوکار و هەماهەنگمان دەبێت لە فراوانکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو حکومەت و نێوان بازرگانان و نێوان هاووڵاتیانیشمان.

با بەیەکەوە نەخشە ڕێگایەکی هاوبەش بکێشین بەمەبەستی ئەنجامدانی هاوبەشیەکی دڕێژخایەن لە نێوان هەرێمی کوردستان و ژاپۆن.

زۆر سوپاس بۆ هەموولایەک ...

خۆشحاڵ بووم ئەمڕۆ ئامادەی ڕێوڕەسمی ئیمزاکردنی یادداشتنامەی تێگەیشتنی نێوان باڵیۆزخانەی ژاپۆن و دەزگای مین لە هەرێمی کوردستان بووم، کە بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنامەیە ژاپۆن هاوکاری پڕۆژەی پاککردنەوەی تەقەمەنیەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر ستایشی وڵاتی ژاپۆن دەکەین سەرسامین بە گەلی ژاپۆن. ئێمە ڕێز لە میتژووتان و ویستان دەگرین و دەستخۆشیتان لێ دەکەین بۆ پابەندبوونتان بە بنەماکانی ئاشتی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی و مرۆڤایەتی.

ئامادەبووانی بەڕێز لە سێ ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان سەری ڕم بووە لە شەڕی جیهانی دژ بە تیرۆر. بە هاوکاری هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی کە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات ئێمە ڕووبەڕووی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بووینەوە و هێزەکانی پێشمەرگە توانیان ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بەزێنن و ئەفسانەکەیان لەناوببەن، بەڵام بە داخەوە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا (١٦٦٩) پێشمەرگەمان شەهید بوون لە پێناوی بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی و بنەمای بەهاجیهانیەکان.

دوێنێ چوارشەممە 2017/1/11 شاندێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ و تیمی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لە شاری هەولێر کۆبوونەوە. دوای کۆبوونەوەکەش ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیێندراوەکەشدا هاتووە لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی پتەوکردن و گونجاندنی پەیوەندییەکان بەپێی ئەرکەکان بە تایبەتی لەبواری حوکمڕانی و پەیوەندییە کوردستانییەکان و پەیوەندیی هەرێمی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا، کە لە ئاست گۆڕانکارییە خێرا و زۆرەکانی ئەم قۆناغەدا بێت و لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا بێت.

دووەم: هەوڵدان بۆ چارەسەرێی کێشە و گرفتەکانی هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا و دەستوورنەدان لە کاروباری یەکتر.

سێیەم: چۆنیەتیی چارەکردنی قەیرانی دارایی کە بەرۆکی خەڵکی کوردستان بە گشتیی و مووچەخۆرانی بەتایبەتی گرتووە، بۆیە هەردووڵا پالپشت و هاوکار بێن بۆ حکوومەتی هەرێم و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە دۆزینەوەی ڕێگای چارەکردن و ئەنجامدانی چاکسازی لەو بوارانەی پێویستن کە بێتێتە مایەی دابینکردنی بژێویی کۆمەڵانی خەڵک و دابینکردنی مووچە بۆ مووچەخۆران و گرنگیدان بە بواری نەوت و گاز و دابینکردنی شەفافیەتی زیاتر و پێویست.

چوارەم: دانانی ڕێتوشێنی گونجاو بۆ چارەسەرێی کێشە بنەڕەتییەکانی هەرێمی کوردستان لەپێش هەموویانەوە کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم: دانانی کۆمیتەیەکی هاوبەش کە نوێنەرایەتیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهاتە نەتەوەییەکان لەخۆ بگرێت، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەر لایەنێکی پەیوەندار بۆ بەکلاکردنەوەی پرسی ناوچەکانی ماددەی 140لە ئایندەیەکی دیاریکراودا، ئینجا ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان.

شەشەم: کۆبوونەوەکانی نێوان هەردووڵا بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی بە زووییی بگەینە ڕێککەوتنێک کە سەرەنجام بتوانین کۆی کێشەکان چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێین.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان.
2017/1/11

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەشداریی مەراسیمی پرسەی ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی دەکات

ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەشداریکردن لە مەراسیمی پرسەی خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵا عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، سەردانی کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن کونسوڵ و ئەندامانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێشوازی لێ کرا. لە سەردانەکەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرەخۆشی لە حکوومەت و گەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەنجومەنی بالای دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

دواتر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ کونسوڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسی لە ئامانجی سەردانەکەی کرد و گوتی "ئامانجی سەردانەکەمان بۆ کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، گەیاندنی سەرەخۆشیی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەنجومەنی بالای دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو."

لە ڕێگای کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو بۆ جەنابی ئایەتوڵڵا خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها خانەوادەی بەڕێز هاشمی ڕەفسەنجانی."

سەرۆک وەزیران هەروەها گوتی: "ئاشنایی و ناسینی ئێمە لەگەڵ ئەو بەڕێزە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر کۆن و لەکۆنەوە ئێمە یەکتر دەناسین. ئەو ئاشنایی هەبوو لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ بەڕێحمەت بێت باوکم و بەم دواییەش لەگەڵ بەندە لەنزیکەوە یەکترمان دەناسی. لەدەستدانی ئەو بەڕێزە نەک بەتەنیا بۆ ئێران، بەڵکوو بۆ گەلانی ناوچەکەش خەسارەتێکی گەورە بوو، هیوادارین خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و سەبر و تەحەمولیش بدات بە خانەوادەکەی و هەموو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران".

دواتر کونسوڵی ئێران لە هەولێر گوتی: "کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی زیانێکی گەورە بوو بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و بۆ ئەو دۆستانەی کە تەمەنێک لەگەڵ ئەو ئاشنایەتییان هەبوو، هەروەک بەڕێز سەرۆک وەزیران باسی کرد."

کونسوڵی ئێران ئەوەشی بەبیرهێنایەوە کە "ڕەفسەنجانی لەو کەسایەتییانە بوو کە نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ کەسایەتییانی پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەبوو، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی لەگەڵ بەڕێز بارزانی و بەرپرسانی دیکەدا هەبوو. بۆیە ئەو زیانە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ دۆستانمان زۆر گەورە بوو."

هەروەها گوتیشی: "ئێمە بە پێزانینەوە دەڕوانینە سەردانەکەی بەڕێز سەرۆک وەزیران و بەرپرسانی دیکە کە بە ئینسافەوە لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا سەردانیان کردین و هاوەردیی زۆریان لەگەڵ کردین ، سوپاسیان دەکەین."

وتەبێژی حکوومەت بەیاننامەیەکی پەیەدە بەدرۆ دەخاتەوە

دوێنێ لە بەیاننامەیەکدا کە بە ناوی دەستەی بەرگری و پاراستنی خۆیی، سەر بەوەی پەیەدە ناوی کانتۆنی جزیرەی لێناوە، بڵاو کراوەتەوە و ئەو تۆمەتە دەداتە پاڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوایە ڕۆژی سێی ئەم مانگە چەند فڕۆکەیەکی جەنگی لە بنکەیەکی سەربازیی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان هەڵساون و ناوچەی تل عەڵۆی سەر بە جزیرەیان بۆمباران کردووە!. لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ورد و دروشتی ئەو بەیاننامەیە کە تەنیا مایەی پێکەنینە و نیشاندەری ڕادەی نەخۆشیی نووسەرەکانیەتی، دەڵێین: دیارە جەماعەتی بەناو کانتۆنی جزیرە خەونیان بینیوە، ئەگینا کوا بنکەی سەربازیی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان هەیە؟! بەڵام دیارە ئەوانە سەربان لێشێواوە!.

سەفین دزەیی/وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2017/1/11